له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

## كورته باسێك له سەر

# مەنهەجی سەلەف پێشینی ئوممەت

نوسینی
**صلاح فائق مه ردان**

پێداچونەوەی
**م. صلاح الدين عبدالكريم**

چاپی یەكەم ١٤٣٠كۆچی - ٢٠٠٩زاینی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله (ﷺ) وعلى اله وأصحابه ومن والاه..

أما بعد....

خوێنەرانی بەڕێز ئەم بابەتە کورتە باسێکە دەربارەی (پێناسەی سەلەف و سەلەفیەت و بانگەوازی سەلەفی)، کە بەشێوەیەکی کورت و پوخت باسکراوە بۆ ئەوەی بەئاسانی هەموو کەسێك تێی بگات بەتایبەتی ئەو موسڵمانە بەڕێزانەی کە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی جوان تێنەگەیشتوون لە ئامانجی بانگەوازی سەلەفی، وە لە ڕێباز و بەرنامەی سەلەفی، وە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا زیاتر هەوڵ بدەن بۆ تێ گەیشتن لەبەرنامەی سەلەف و بانگەواز و ئامانجی، تا هەموومان پێکەوە ببینە خزمەتکاری بەرنامەی ڕاستی ئیسلام و هەموو هەوڵ و ماندووبونێکیشمان بۆخزمەتی ئەو بەرنامە پاك وجوانە بێت.

خوێنەری بەڕێز لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام باشترین و پاکترین و ڕاسترین و تەواوترین بەرنامەیە لەسەر ڕووی زەوی دا کە بەرنامە و یاسای بۆ هەموو شتێك داناوە، وە بە ئەندازەی پێویست سوود و زیانی هەموو شتێکی باسکردووە بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، پێچەوانەی هەموو بەرنامەیەکی تر کە دەستکردی مرۆڤە و ئەو تایبەتمەندییانەی تێدانیە کە لە

ئیسلامدا هەیە و باسی لێوەکردووە بەو پێیەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەلایەن پەروەردگاری دروست کاری مرۆڤەوە دانراوە کە هەر خۆی دەزانێت چی شتێك بۆمرۆڤ بە سوودە و چی شتێك بۆی بەزیانە، لەبەر ئەوە کارکردن بە بەرنامە و یاساکانی ئیسلام بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لەلایەن شوێن کەوتوانییەوە گەورەترین و ڕاست ترین و نزیك ترین ڕێگەیە بۆ گەشتن بە ئامانج و بەدەست هێنانی بەختەوەری و سەرفرازی لە دونیا و دوا ڕۆژدا، ئەمە لەکاتێکدا بەدەست دێت کە شوێن کەوتوانی ڕێبازی ئیسلام بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کاربکەن بە بەرنامەی ئیسلام و لەو ڕێگایە لانەدەن وە بە هیچ شێوەیەك وتەی ڕاست وحەق ڕەت نەکەنەوە، وە بەهیچ شێوەیەك قسەو بیرکردنەوە و خەیاڵ و لێکدانەوەی خۆیان پێش قسەی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەخەن، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ (الحجرات:١) واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە نەکەن قسەی خۆتان پێش قسەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بخەن.

وە بەهیچ شێوەیەکیش دەمارگیری و (**تعصب**) یان نەبێت بۆ هیچ کەسێك هەتا نەزانن قسەکانی گونجاو و هاوتەبایە لەگەڵ بەرنامەی ئیسلام یان نا؟ چونکە

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (لاطاعة لمخلوق فى معصية الخالق )[1] واتە: گوێڕایەڵی مەخلوق ناکرێت لەبێ ئەمری خالقدا.

ئەگەر شوێنکەوتوانی بەرنامەی ئیسلام بەم شێوەیە پێکەوە کار بکەن ئەوە ئەو ئامانج و مەبەستەی کەهەموو خەڵکی هەوڵی بۆ دەدەن کە (بەختەوەری و سەرکەوتنە بە سەر کۆسپەکانی ژیاندا) هەر زوو بەدەست دێت و هەمووانیش دڵخۆش و ئاسودە دەبن لە دونیا و دوا ڕۆژدا، لەژیانی واقعیشدا ئەم (سەرکەوتن و سەرفرازیە) بەدەست هات، کاتێ هەموو مووسڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ یەك دەست و یەك ڕیز کاریان دەکرد بە بەرنامەی ئیسلام، وە لەو کاتەدا هەموو موسڵمانان بەختەوەر و سەرفراز بوون، وە هەتا قورئان وسونەت سەروەر بوو لەناویاندا ئەوانیش سەر کەوتوو سە رفراز بوون بەلاّم کاتێ کەمەشغەڵەتی دونیا و خۆشی ولەزەتەکانی دونیا زاڵ بوو بەسەر موسڵماناندا ئەوە ئەو خۆش بەختی و سەر فرازیەش نەما و لەبری ئەوە نەگبەتی ونەهامەتی و جیاوازی و دوو بەرەکی ودوژمنکاری و دەردەسەری باڵی کێشا بەسەر کۆمەڵگای مووسڵماناندا و تا ئەمرۆش موسڵمانان لەسەرانسەری جیهاندا گیرۆدەی ئەو دەردەن و ڕزگاریان نەبووە لێی، وە نەبێت هیچ کەسێك نەبووبێت کە دەستی گرتبێت بە بەرنامە جوانەکانی ئیسلامەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوداوە ﷺ هەتا ئێستا، بەڵێ بەردەوام کۆمەڵێ موسڵمان هەر هەبوونە کە بەردەوام دەستیان

---

[1] صحيح رواه أحمد.

گرتووه به بەرنامەی ئیسلامەوه لەو کاتەوه تا ئێستاش، چونكه پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (لاتزال طائفة من امتی منصورين لايضرهم من خذلهم حتی تقوم الساعة)[1] واتە: بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەتی من سەركەوتوون وه لەسەر گوێڕایەڵی كردن و بانگەوازی ئیسلام دەمێننەوه، زیانیان پێ ناگەیەنن ئەوانەی دەیانەوێت سەرشۆڕو زەلیلیان بكەن هەتاوەكو ڕۆژی دوای دێت)، بەلاَم ڕێژەی ئەمان لە چاو ڕێژەی ئەو مووسڵمانانەی كەوازیان هێناوه لە گوێڕایەڵی تەواو بۆ بەرنامەی ئیسلام زۆركەمە بۆیە بەدرێژای مێژووی ئیسلام و لە هەموو چەرخ و سەدەیەكدا ئەم كۆمەڵە بەردەوام غەریب بوونە وه بەردەوامیش لە لایەن مووسڵمانانی ترەوه بەر تانەو تەشەره كەوتوون و ئازار و ئەشكەنجە دراون، وه بەهەزارەها بوهتان تۆمەتبار كراون و بەهەزارەها تاوان حوكمدراون تەنها لەبەر ئەوەی كه نەیان ویستووه لە كار كردن بە بەرنامەی جوانی ئیسلام لابدەن، وه لەبەر ئەوەی كه هەر شتێك پێچەوانەی بەرنامەی ئیسلام بوایە ڕەتیان دەكردەوه و خەڵكیان لێ ئاگادار دەكردو ڕاستێكەیان بەخەڵكی دەگەیاند، وه ئێستاش ئەو تانەو تەشەرانە هەر بەردەوامن بۆ سەر شوێن كەوتوانی ئیسلامی ڕاستەقینە.

بەڕێزان پاش ئەم ڕوون كردنەوەیە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەك بۆ سەلەف بكەین ئەوەیە كە دەڵێین: سەلەف واتە (پێشینی ئیسلام) پێشینی ئەم ئیسلامەش بریتین لە: پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكانی و شوێن

[1] رواه الترمذي بهذا اللفظ (٤/٤٨٥)، و صححه الإمام المحدث الألباني في صحيح الترمذي ٢/٢٣٩.

کـەوتوانی هاوەڵـە بـەڕێزەکان کـەپێیان دەووترێـت (تابعین) وە شـوێنکەوتوانی (تابعین) کـەپێیان دەوترێـت (أتباع التابعین) واتـە ئـەم سـێ کۆمەڵـە بـەڕێزە (الأصحاب، التّابعین، أتباع التّابعین) سەلەف و پێشینەن لە ئیسلامدا، وە ئـەم سـێ کۆمەڵـە بـەڕێزە کـە بەچـەند سـەدەیەکدا تێپـەڕیوون لەباشـترین و زیـرەکترین و ڕاستگۆترین و چاکترین موسـوڵمانن کەئیسـلام بـەردەوام شـانازییان پێوەدەکـات، وە تا ڕۆژی قیامەتیش هەرگیز موسوڵمانی بەو شێوەیە دروسـت نابێتـەوە چـونکە ئـەم موسـوڵمانانە تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە لەهـەموو ڕووەکانـەوە جیـاوازن لـە موسوڵمانانی تر، هەر لە هەوڵ وتێکۆشانیان بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامەی ئیسلام تـا دەگاتـە خۆبـەخت کردنیـان لەپێناویـدا، هـەر بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەرهەقیان دەفەرموویێت: (خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)[1] واتـە: چاکترین خـەڵکی ئەوانـەن کـە لـە سـەردەمی منـدا ژیـاوون (واتـەهاوەڵان) پاشـان ئەوانـەی دوای ئـەوانن (واتـە التّابعین) پاشـان ئەوانـەی دوای ئـەوانن، واتـە: (تابع التّابعین)، چونکە باشترین و چاکترین موسڵمان لەم سێ سەردەمەدا دەرکەوتوون و خزمەتێکی بەرچاوی ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلامیان کـردوە وە ئیسـلامیان بـە هـەموو جیهانـدا بڵاوکردۆتـەوە و بـەردەوامیش لەپێناویـدا جـەنگاون و خۆیـان لەپێناویـدا بـەخت کـردوە، ڕێـژەی ئـەو موسـوڵمانانەی کـە سەرپێچـیان کـردووە لـەو سـێ سەدەیەدا زۆر کەم بوونە لەچاو ئەو موسوڵمانانەی لەو سـەردەمەدا بـە تـەواوەتی

---

[1] متفق عليه.

دەستیان گرتبوو بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە وەصفیان دەكات (واتای وایە سەردەمی خۆی سەرپێچی كەمتربووە لە چاو سەدەی دوای خۆیدا وە سەردەمی دوای خۆشی باشتر بوونە لە چاو سەردەمی دوای ئەواندا، بەهەر حاڵ ئەوسێ سەدە پیرۆزە باشترین موسڵمان و چاكترین خەڵك بوونە بە بەراود لە چاو خەڵكی هەموو سەدەكانی تری ژیاندا كە ئیسلامی پێدا تێ پەڕیووە، هەر لە گوێڕایەڵیان بۆدین تا دەگاتە ئەنجامدانی چەندەها سەرپێچی و تاوانیش، هەر بۆیە پێویستە ئێمەی موسڵمانیش شوێن كەوتەی ئەو سەلەفە بین كە لە هەموو ئەو ڕووانەوە كە ئەوان بەهۆیەوە سەر بەرزی دونیا و قیامەت بوون، تائێمەش وەك ئەوان ئەو ئامانجە بپێكین كە ئەوان پێی گەیشتن ئەویش: سەركەوتن و بردنەوەیە لە دونیادا و بەختەوەری و سەرفرازیە لە قیامەتدا، كاتێك دەڵێین دەبێت شوێنی ئەوان بكەوین مەبەستمان ئەوەیە كەدەبێت لەڕووی (بانگەواز و پەروەردە، عیبادەت و خواپەرستی، گوێڕایەڵی كار كردن، شوێنكەوتن ولانەدان، هەوڵدان و پەلە نەكردن، ماندوو نەبوون و چۆكدانەدان، بەردەوامی و ئارامگرتن، پشوو درێژی و بێ هیوا نەبوون، ڕەفتار و ئاكار، خورەوشت و ئەخلاق، شەرم و حەیا)، بەوە شوێنی ئەوان بكەوین دەبێت بزانین ئەوان چۆن بانگەوازیان كردووە بۆ لای دینی خوای پەروەردگار، چۆن خوا پەرستییان كردووە، چۆن ئارامیان گرتووە لەسەر ناڕەحەتی و ناخۆشی، چۆن هیوایان بە سەركەوتن هەبووە، چۆن گوێڕایەڵیان كردووە، تا

ئێمەش بەو شێوەیە بکەین، بۆ ئەوەی ئێمەش بەختەوەر بین هەروەك چۆن ئەوان بەختەوەر بوون، چونکە بەختەوەری لەوەدایە کە ئێمە چۆنێتی کارەکە بزانین، لەبەر ئەوەی کێشەکە ئەوەیە کەخەڵکی بەشێوەیەکی چاك نازانن کە ئەوان چۆن خواپەرستی و دینداریان کردووە نەك نەزانن چییان کردوەو چەندیان کردوە، چونکە ئەوەی کە وای کرد ئەوان ببنە پێشەنگ و پێشین بۆ ئێمە و بەباشترین و چاکترین و خێرترین خەڵك و ئیماندار ناویان دەربچێت ئەوە بوو کە ئەوان بەپێ ی قورئان وسوننەت و بەرنامەی ئیسلام کاریان کردووە و لاشیان نەدا لەو بەرنامەیە تا خوای پەروەردگار سەرکەوتنی گەورەی پێ بەخشین کە دروست بوون و هاتنە کایەی دەوڵەتی ئیسلامی بوو لە جەرگەی وولاتێکدا کە شیرك و کوفر و نیفاق و ستەم و نایەکسانی و ناتەبایی و دوژمنکاری باڵی بەسەردا کێشابوو، بۆیە بەڕێزان کاتێك دەڵێین سەلەف مەبەستمان موسڵمانان و ئیماندارانی ئەوسێ سەردەمەیە کە بەپۆشاکی تەقوا و خواپەرستی خۆیان ڕازاندبۆیەوە، وە بەپێ ی قورئان وسوننەت کاریان دەکرد چۆن فەرمانیان پێ کرابوو بەو شێوەیە خوا پەرستیان دەکرد، وە کاتێکیش دەوترێت (منهج السلف) یان ڕێبازی سەلەف مەبەست لەو بنەمایانەیە کە (سلف) کاریان پێ دەکرد، واتە: قورئان و فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ بە تەواوی و بێ ئەوەی گرنگی بەهەندێکی بدەن و هەندێکی تری وە لانێن یان زیادەی بخەنە سەر و هەندێکی واز لێ بهێنن.

بەپێی ئەو توانایەی کەهەیان بووە عیبادەتیان کردوە و هیچ کاتێکیش لە خزمەت کردن بە قورئان و سوننەت درێغیان نەکردوە، بۆیە کاتێك دەوترێت کاربکە بە (ڕێبازی سلف) واتای وایە کار بکە بە قورئان و سونەت، وە کاتێك دەوترێت بانگەواز دەکەم بۆ (ڕێبازی سەلەف) واتای وایە بانگەواز دەکەم بۆ شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت، بە تێگەشتنی پێشینانی پیاوچاك، وە کاتێك دەوترێت من موسڵمانێکی سەلەفیم واتای وایە من شوێنی قورئان و سوننە دەکەوم لە هەموو ڕوویەکەوە کە پەیوەست بێت بەدینەوە، بەڵام زۆریشن ئەوانەی کە سەلەفی نین واتە بەهیچ شێوەیەك ئاوڕ نادەنەوە لە پێشینان و بە قسەیان ناکەن و بەوشێوەیە خواپەرستی ناکەن کەئەوان کردویانە، بۆیە هەموو کاتێ قسەی خۆیان پێش قسەی ئەوان دەخەن لەو مەسەلانەی کەتایبەتە بەدینەوە بۆیە تەماشا دەکەی ئەوانەی کە سەلەفی نین، چەندەها کار دەکەن و چەندەها فەتوا دەردەکەن و چەندەها عیبادەت دەکەن کە ئەسڵەن لە دیندا هەر نییە و بەپێ ی بەرژەوەندی خۆیان کردوویانە بە دین، بەبێ ئەوەی شەرم لە خوا بکەن کە کاتێ کارێك دەکەن پێچەوانەی قورئان و سوننەتە، بۆیە دەبینین موسوڵمانانی سەلەفی بە بەراود لەگەڵ موسڵمانانی تر کەمن و بەشێوەیەکی گشتی غەریب و نادیارن چونکە وەرگرتنی قسە و کرداری حق و کار کردن بەو حەقە تا ڕادەیەك ئەستەمە لەلایەن موسڵمانانەوە، هەر بۆیە شوێنکەوتوانی ڕێبازی سەلەف کە هەڵگری ئاڵای ڕاستەقینەی ئیسلامن لەسەرانسەری جیهاندا ڕێژەیان کەمەو

بەردەوام دژایەتی و سەرزنشتیان دەکرێت و هەزارەها بوهتان و قسەی ناڕاستیان دەرحەق دەوترێت .

بەڕێزان کاتێك دەڵێین ئێمە سەلەفین واتە (خەواریج) نین کە بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە خوێنی موسوڵمان حەلاڵ بکەین و پێی بڵێین کافر بویت، هەروەها (شیعەو ڕەوافیز)ە نین کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کافر بکەین و تانەو تەشەرەو لەعنەتیان لێ بکەین، هەروەها (موعتەزیلە)ش نین کە لێکدانەوەی نابەجێ و نەشیاو بۆ سیفاتە بەرز و پاکەکانی خودا بکەین، هەروەها (مشبهة)کان نین کە سیفاتی خوای گەورە بچوێنن بە سیفاتی مەخلوقاتەکانی، هەروەها ناو وسیفاتی خوای گەورە لە کار ناخەین وەکو (معطلة) کان، هەروەها (قدري وجبری وجهمي وأشعري وماتريدي )نین کە بەشێوەیەکی هەڵە دەربارەی قەزا و قەدەری خوای گەورە ئەدوێن بێ زانیاری، هەروەها سۆفی و شێخ پەرست و دەروێش و گۆڕ پەرست نین، هەروەها دینی خوای گەورە پارچە پارچە ناکەین، وە بۆ گەیشتن بەکورسی و دەسەڵات نایکەینە وەسیلە، وەتجارەت و بازرگانیش بە دینەوە ناکەین، هەروەها دەمارگیریمان نییە بۆ هیچ پێشەوا و هیچ مامۆستا و هیچ زانایەك ئەگەر ووتە و کردەوەکانیان پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت، هەروەها ڕقی شەخسی و تاکە کەسیمان بەرامبەر هیچ کەسێك نییە لەسەر مەبەستێکی دونیا بە حیسابی دین، بەڵکو خۆشویستن و ڕق لێبونمان بۆ هەرکەسێك لەسەر پەیرەوداری ئەو کەسەیە بۆ دین چەندێ دەست گرتووبێت بەسونەتەوە بەئەندازەی ئەو

دەست گرتنەی خۆشمان دەوێت، وە بەئەندازەی دووری لەسوونەتەوە رقمان لێیەتی، بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەی وەرگرتن لەرێبازی سەلەفدا لەسەرانسەری جیهان ئەوەیە کە (هەر قسە و کردەوەیەك موافق بوو لەگەڵ قورئان وسوننەتدا ئەوە وەری دەگرن و ئەوەی پێچەوانەی قورئان وسوننەت بوو وەری ناگرن)، هەروەها هیچ کەسێك لایان مەعسوم نییە جگە لەپێغەمبەری خوا ﷺ، هەروەها بەپێی ئەقڵ و هەوا و ئارەزوو و ڕاو بۆچوون موناقەشە لەگەڵ قورئان وسوونەتدا ناکەن.

کار کردن بۆ ئیسلام بەشێوەی یەکگرتن وکۆمەڵکاری (الجماعة) لە ڕێبازی سەلەفدا ڕێگەی بەختەوەری و سەرفرازی دین و دونیایە، هەروەها جەماعەت کەشتی ڕزگاربوونە لە هەموو ئەو نەگبەتی و ناڕەحەتییانەی کە بەسەر مووسڵماناندا هاتووە لەسەرانسەری جیهاندا...

## ئامانجی بانگەوازی ڕێبازی سەلەفیەت لە كۆن و تازەدا لەپێناو چەند مەبەستێكی گرنگ دایە:

١. پاك كردنەوەی دڵ و دەروونی موسڵمانان بەشێوەیەكی گشتی لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەرەو بیدعە و ئەفسانەو سحر و هەموو شتێكی هەڵبەستراو و ڕازێنراوە بەناو دینەوە.

٢. ناساندنی ئیسلام وەكو دینێكی مام ناوەند ودوورخستنەوەی موسڵمان لە زیادەڕەوی و كەمڕەوی كردن لە ئیسلامدا.

٣. پێگەیاندنی موسڵمانان بەشێوەیەكی گشتی لەسەر ڕاستە شەقامی ئیسلام ودوور لە هەموو هاوتا پەرستییەك و ئەفسانە و دەمارگیری یەك، وە ئامۆژگاری كردنی موسڵمانان بۆشوێن كەوتنی قورئان و سوننەت بە تێگەشتنی پێشینانی پیاو چاك.

٤. پاك كردنەوەی دڵ و دەرونیان و پەروەردە كردنیان لەسەر ئیسلامێكی پاك و بێ گەرد، كردنە یەكی هەموو موسڵمانان لە ژێر یەك بیروباوەڕ و بەرنامەدا.

كردنە یەكی هەموو موسڵمانان لەهەموو بوارەكانی ئایندا وەك(بیروباوەڕ)، (كاروگوفتار)، (هەوڵ و تێكۆشان)، (ئامانج و مەبەست).

٥. ڕزگاركردنی جیهانی ئیسلامی لە ژێر چنگی دوژمنانی ئیسلام كەئەوەش دەستەبەر دەبێت كاتێك موسڵمانان یەك دەست ویەكگرتووبن.

## گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ڕێبازی سەلەفی:

١. پەیوەست بوون بەقورئان و سوننەت بە تێگەشتنی پێشینانی پیاو چاك سەرچاوەی هەموو كار وگوفتارێكە كە تایبەت بێت بەبنەماكانی ئیسلامەوە.

٢. یەك خواناسی واتە بانگەوازكردن بۆ(توحید) دەكەنە خاڵی دەست پێك و كۆتایی بانگەوازەكەیان.

٣. پەیوەستن بەیەك بوون و یەك ڕیزی موسڵمانان، وە ڕێگری دەكەن لە لێكترازان و پارچە پارچە بوون.

وە هەموو هەوڵێكیان بۆ جیاكردنەوەی (حق و ناحەقە) لە یەكتری، هەروەها پێگەیاندنی موسوڵمانی یەكخواناس و دوور كەوتنەوە لە هاوبەش بڕیاردان و هاوتا پەرستی، هەروەها زیندوو كردنەوەی سوننەت و مراندنی بیدعەیە.

بەڕاستی هەركەسێك شوێن ڕێبازی سەلەفی بكەوێت وە بەپێ ی توانا خواپەرستی بكات ئەوە بەویستی خوا موسڵمانێكی ڕاستەقینەیە، ئەو موسڵمانەیە كە خودا دەیەوێت وە ڕێباز و بانگەوازی پاك وبێ گەردە وە بەڕاستی سەر فرازو ڕزگاربووە لەدنیا و قیامەتدا، وەیەكێك دەبێت لەو كەسانەی كە بەویستی خوای گەورە ڕزگاریان دەبێت لە ئاگری دۆزەخ، چونكە ئەو كەسەی كە كار بە بەرنامەی خوای گەورە بكات بەتێگەشتنی پێشینانی پیاو چاك لە هەموو بوارێكدا ئەوە لە تاقمی ڕزگاربووە، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (أن بنی إسرائیل تفرقوا

على إحدى وسبعين ملة وتفترق امتي على ثلاث وسبعين ملة كلها فى النار الا ملة واحدة)، فقيل يا رسول الله، ما الواحدة؟ فقال: (ما انا عليه اليوم وأصحابي)[1] واتـه: بەنی ئیسرائیل بوون بەحەفتا و یەك تاقمەوە، وە ئومـەتی منـیش دەبێتـە حـەفتا و سـێ تاقمـەوە هـەموویان دەچـنە ئـاگر تـەنها یـەك تـاقم نـەبێت)، ووتیـان: ئـەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوە تاقمە کێن؟ فەرمووی:ئەوانەن کەوا لەسەر ئەو ڕێبـازەن ئەمڕۆ من و هاوەڵانی لەسەرە.

سەلەفی سالح بریتیین لە: (ئەصحاب و تابعین و اتباع تـابعین) هـەر کەسـێك شـوێن ئەوان بکەوێت ئەوە بەڕاستی موسڵمانێکی سەلەفی ڕاستەقینەیە إن شاء الله.

## گرنگترین نیشانەو تایبەتمەندییەکانی

## کۆمەڵی ڕزگار بوو

١ . کۆمەڵی ڕزگاربوو کۆمەڵێکی کەمینەن و کۆمەڵێکی زۆر دژایەتییان دەکـەن جـا ئەو دژایەتییە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن موسڵمانەوە بێت یان جگـە لـــە موســـڵمانەوە بێـــت، لەبـــەر ئـــەوە خـــوای گـــەورە مـــەدحیان دەکـــات ودەفـەرمووێت:﴿وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ﴾ (السبأ:١٣) واتـە: (ڕێژەیـەکی کـەم لـە

---

[1] حديث حسن، أنظر: لماذا أخترت المنهج السلفي، ص٧٥، لشيخ سليم الهلالي.

عەبـدەكانم سـوپاس گـوزاری مـن دەكـەن)، هـەروەها پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەرحـەقیان دەفـەرمووێت: (طوبى للغرباء، اناس صالحون، فى اناس سوء كثير، من يعصيهم اكثر ممن يطعيهم )[1] واتە: خۆشی بۆ غەریبان، كەكۆمەڵە خەڵكێكی چاكن وە لە ناو كۆمەڵێكی زۆری خراپدا ناسراون ئـەو كەسانەی كـە بـە گوێیـان ناكـەن زۆرترن لەوانەی كە بەقسەیان دەكەن)، لەبەر ئەوەیـە كـە ئـەم كۆمەڵـە بـەردەوام قسەی حەق دەڵێن، قسەی (حەق)یش ڕەقە هەموو كەسێك وەری ناگرێت، لەبـەر ئەوەیە ئەوانەی بەقسـەیان دەكـەن ڕێـژەیان كـەمترە لـە چـاو ئـەو كەسـانەی كـە بەقسەیان ناكەن.

بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستی فەرمووە چونكە ئـەمڕۆ كـە موسـڵمانانی سەلەفی لەسەرانسەری جیهاندا بەشێوەیەكی گشـتی و لـە ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا بەتایبەتی ئیهانەو سەرزەنشت دەكرێن زانایانیـان بەترسـنۆك و دەسـت گرتـوو بـە دونیا و نۆكەری سوڵتەو بێ ئاگا لە واقیع ناوزەند دەكرێن و شوێنكەوتوانیشیان بە وەهابی وئیرهابیی و تیرۆرسـت و كۆنەپەرسـت و جاهـل و عەشـایەرو بـێ مسـتوی ناوزەند دەكرێن، لەلایەن هەموو مەزهەبە گومڕابووەكانی وەكـو (شـیعەو خـوارج و معتزلـە و ئەشـعەری و ماتریـدی و ئیخـوانی و سـروری)یەكانەوە ئیهانـەدەكرێن، لەلایەن هەموو حزب وپارت و ڕێكخـراوە ئیسـلامیەكانەوە ئیهانـە دەكـرێن لەلایـەن هەموو حزبە عەلمانی و دیموكراتی و چەپەكانەوە ئیهانە دەكرێن، لەلایـەن صـۆفی

---

[1] صحيح رواه احمد.

وشێخ پەرست و گۆڕ پەرستەكانەوە ئیهانە دەكرێن، لەلایەن ساحیر و فاڵچی و جادوو گەرەكانەوە ئیهانە دەكرێن، تەنها لەبەرئەوەی دەڵێن با هەموومان حوكم بەقورئان وسوونەت بكەین بەڵام بەتێگەیشتنی پێشینانی پیاو چاك نەك هەر كەسەو هەڵسێ بۆ بەرژەوەندی خۆی چۆنی بوێت ئاوا كار بەقورئان وسوونەت بكات ....

٢. ئەم تاقمە كارو كردەوەیان بەپێ ی سۆنگەی قورئان وسوننەت ئەنجام دەدەن ودەست بەرداری نابن، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (تركت فيكم شيئين لن تضلوا بعدها كتاب الله وسنتي)[١] واتە: (لەدوای مردنی خۆم دوو شتتان بۆ بەجێ دەهێڵم ئەگەر بەتەواوی دەستی پێوە بگرن و كاری پێ بكەن بە هیچ شێوەیەك گومڕا و سەر لێ شێواو نابن، ئەو دوو شتەش قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی منە).

٣. تاقمی ڕزگاربوو هەر كاتێك تووشی كێشەیەك بوون لەمەڕ هەر بابەتێكی شەرعی یەكسەر دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ بۆ چارەسەری كێشەكە، ئەوەش وەك گوێڕایەڵییەك بۆ ئەم ووتەیەی خوای گەورە كە دەفەرمووێت: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ)(النساء:٥٩) واتە: (ئەگەر لە هەر شتێكدا تێكچوون و جیاوازیتان تێ

---

[١] رواه الطبراني والحاكم والمالك.

کەوت یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆ چارەسەری کێشەکەتان ئەگەر ئێوە بەڕاستی بڕواتان بەخوا و ڕۆژی دوای هەیە).

٤. هەروها یەکێکی تر لە سیفەتەکانی تاقمی ڕزگاربوو ئەوەیە کە هیچ کات قسەی خۆیان پێش قسەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ناخەن لە هیچ کات و ساتێکدا، وە لە هیچ شوێن و جێگەیەکدا وە لە هەموو بارێکی خۆش و ناخۆشدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ (الحجرات:١) واتە: (ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە قسەی خۆتان پێش قسەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ نەخەن).

٥. تاقمی ڕزگاربوو کارەکانیان لەسەر یەکتاپەرستی ئەنجام دەدەن کە بریتییە لە خوا بەیەك زانین و تەنها پەنا بردنە بەر ئەو و خۆ یەکلاکردنەوە تەنها بۆ ئەو هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ وَقَالَ اللّهُ لاَ تَتَّخِذُواْ إِلـهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلهٌ وَاحِدٌ﴾(النحل:٥١) واتە: (دوو خوا بۆ خۆتان بڕیار مەدەن و مەیانپەرستن چونکە خوای ڕاستەقینەی ئێوە تەنها الله یەو بەس..).

٦. تاقمی ڕزگاربوو هەمیشە سوننەت و ئاکاری پێغەمبەر ﷺ دەبووژێننەوە لەکاتێکدا ئەم سوننەتە لەناو خەڵکیدا مردووە، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (ان الاسلام بدأغريبا وسيعودغريبا كما بدا فطوبى للغرباء الذين

يصلحون اذا فسد الناس)[١] واته: (ئیسلام سه‌ری هه‌ڵدا به نامۆیی وه له‌مه‌ودوا نامۆ ده‌بێته‌وه هه‌روه‌ك چۆن له سه‌ره‌تادا نامۆ بوو جا (**طوبى**) بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه نامۆن ئه‌وانه‌ی كه چاك سازی ده‌كه‌ن یان خۆیان چاك ده‌كه‌ن كاتێك خه‌ڵكی خراپ بوون) (**طوبى**) دره‌ختێكه له‌به‌هه‌شتدا كه‌جلوبه‌رگی به‌هه‌شتییه‌كان له‌لق وپۆپی ئه‌و دره‌خته‌وه دروست ده‌بێت).

٧- تاقمی ڕزگاربوو ده‌مارگیریان بۆ قسه‌ی هیچ كه‌س و پێشه‌وایه‌ك نییه، هه‌ر قسه‌یه‌ك له‌زار ده‌ربچێت ده‌رباره‌ی دین پێوه‌ر بۆ قسه‌كان لای ئه‌وان بریتیه له هه‌ڵسه‌نگاندنی به پێی قورئان وسوننه‌ت، هه‌ر قسه‌یه‌ك پێچه‌وانه‌ی قورئان وسوونه‌ت بێت ئه‌وه ڕه‌تی ده‌كه‌نه‌وه هه‌رچه‌نده عیلم وخاوه‌ن زانست بێت به‌بێ ئه‌وه‌ی سوكایه‌تی به‌خاوه‌ن ووته‌كه بكه‌ن، ئه‌م كاره‌شیان ته‌نها بۆ پارێزگاری كردنه له دین و هیچی تر.

٨. تاقمی ڕزگاربوو به‌رده‌وام فه‌رمان به‌چاكه ده‌كه‌ن و ڕێگری له خراپه ده‌كه‌ن به پیّ ی توانا له‌هه‌موو كات و ساتێكدا هه‌روه‌ك خوای گه‌وره ده‌فه‌رموویت:﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ (ال عمران:١٠٤) واته: (با به‌رده‌وام كۆمه‌ڵێك هه‌بێت له ئێوه كه فرمان به چاكه بكه‌ن و ڕێگری له خراپه بكه‌ن).

---

[١] رواه مسلم.

٩ .تاقمی ڕزگاربوو بەردەوام كار قورئان و سوننە دەكەن و بانگی خەڵكی بۆ دەكەن و بەردەوامیش دەبن لەسەر پەیڕەوداری بۆ قسەوكرداری ڕاست، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (لاتزال طائفة من امتي ظاهرين على الحق لايضرهم من خذلهم حتى ياتى الله )[١] واتە(بەردەوام كۆمەڵێك لەئوممەتی من هەر دەمێننەوە لەسەر حق و بانگەوازكردن بۆی ئەوانەی كە پشت گیریان ناكەن هیچ زیانێكیان پێ ناگەیەنن هەتا فەرمانی خوای گەورە دێت).

ئەمە كورتەیەك بوو دەربارەی هەندێ لە ڕەوشت وئاكاری موسڵمانانی ڕزگاربووی شوێن كەوتەی سەلەف، كە بەڕاستی پێویستە هەموو موسڵمانان هەوڵی ئەوە بدەن كە لە كۆمەڵی ڕزگاربوو بن بۆئەوەی ئاگری سەختی دۆزەخ نەبینن كە بەڕاستی ناخۆشترین شوێن وپڕ بەئازارترین شوێنە پەنا بەخوا.

موسڵمانان ئەمە بوو كورتە باسێك دەربارەی (سەلەفیەت، بانگەوازی سەلەفی، ڕێبازی سەلەفی، مەبەست وئامانجی بانگەوازی سەلەفی)، كە خوازیارم سودی هەبێت بۆ ئەوموسڵمانانەی كە شەیدای دۆزینەوەی ڕاستە شەقامی ئیسلامن وە بێزاربوونە لەوكەس ولایەنانەی كە ئیسلامی پیرۆزیان كردوە بە وەسیلەو ئامراز بۆ بازرگانی كردن پێیەوە وە هەروەها بۆ گەشتن بە كورسی دەسەلأت و هاتنەدی حەزوخۆزگەكانیان، وەهیواخوازیشم ئەم كورتە باسە ببێتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی

---

[١] رواه مسلم .

شـەیدایانی ڕاسـتی ودادپـەروەری لێیـەوە شـارەزای ئیسـلامی ڕاسـتەقینە بـبن وە بەشێوەیەکی جـوان وبـاش کـاری پـیێ بکـەن هـەروەك چۆن پێشـینانی ئێمـە تـێ گەشتن وکاریان پیێ کرد، جا خۆشەویستان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جـوانتروڕوونتر لە رێبازی سەلەفی وئامـانجی بانگـەوازی سـەلەفی لـەکۆن وتـازەدا لـە هـەمووکات وساتێکدا تیێ بگەیت وگومانت لەدڵدا نەمێنێت ئەوە هەوڵبدە ئەو کیتاب ونامیلکانە پەیدابکە و بیخوێنەوە کە بـەزمانی کـوردی لەلایـەن چـەند مامۆسـتایەکی بـەڕێزی سەلەفی یەوە نوسراون یان وەرگێراون، هـەروەها هەوڵبـدە گـویێ بیسـتی کاسـێت ومحازەراتی ئەومامۆستا بەڕێزانە بـە کـە لەسـەر ئـەم بابەتـە بەشـێوەیەکی جـوان وپوخت دواون وقسەیان کردوە، هەروەها هەوڵبدە سـەردانی ئەوسـایت ومالّپەڕانـە بکـە کـە بانگـەوازدەکات بـۆ ئـەو ڕێبـازە پاکـە کـە لەلایـەن چـەند مامۆسـتایەکی دڵسۆزەوە سەرپەرشتی دەکرێت، وەکو سایتی بەهەشت ورێگای ڕاسـت وسـەلەفی کورد و چەندەها مالّپەڕی تری گرنگی عەرەبی، ئەگەر بەڕێزتان هەولّتان دا بۆ تـێ گەیشتن لەو ڕێبازە پاکەی کەلەوانەیـە جێگـەی گومـانی ئێـوە بووبێـت وە ڕەنگـە دژایەتیشتان کردبیێ ئەوکات بۆتان دەردەکەوێت کەئەو ڕێبازە چـەندەپاك وچـوانە چەندە ڕاست ودروستە دوای ئەوە لەبری ئەوەی کە دژایەتی موسڵمانانی سـەلەفی بکـەیت خـۆت دەبیـت بەموسـڵمانێکی سـەلەفی وشانازیشـی پێـوە دەکـەیت وبەرگریشی لیێ دەکەیت وخزمەتیشی دەکەیت ولەسەرناخۆشی وناڕەحەتییەکانیش ئـارام دەگـرت وبـەردەوامیش بانگـەوازی بۆدەکەیت،چـونکە تـۆ لەوکاتـەدا تـامی

راستەقینەی باوەڕ دەچێژیت و هەست بەخۆشییەکانی دەکەیت بـەڵاَم کـاتێ ئەمـە روودەدات کە بەڕاستی تۆ شەیدای دۆزینەوەی بەرنامەی ڕاستەقینەی ئیسلام بیت بەئەوەی ئەو وەسیلانە بگریتە بەر کە شارەزات دەکات لەو ڕێبازە پاکـە هـەروەك چۆن پێشتر باسمان کرد، دوا وتەمان ئەوەیە کەدەڵێین بەهـەموو خـەڵکی بەگشـتی وهــەموو موســڵمانان بــە تایبــەتی کــە ئێمــە وەکــو موســڵمانانی ســەلەفی لــە هەمووجیهاندا:

١.شانازی دەکەین بەئەو ناوەی کە ناومانی پێ نراوە کە ووشەی پاکی سـەلەفییە بـــەو واتایـــەی کـــە شـــوێنی ســـەلەفی ئـــەم ئیســـلامە کـــەوتووین کەباشـــترین ئیمانداروخواپەرسـت بونــە، وە پێشــمان شــەرم نییــە بــەوناوەوە لەهەمووشــوێن وجێگەیەك بانگ بکرێین.

٢.بەهیچ شێوەیەك خۆمـان جیاناکەینـەوە لەخوشـك وبرایـانی موسـڵمانی وولاَتەکـەمان خۆمان بەباشتر لەئەوان نازانین هـەرگیزدایك وبـاوك وخوشـك وبـرای موسـڵمانی خۆمـان وووڵاتەکەمان وشارەکەمان پشت گوێ ناخەین لەبەرخاتری چەند کەسێك کە چـەپڵەمان بۆلێ بدات وئەمرۆپشتگیریمان بکات وسبەی پشتمان بەربدات.

٣.بەهیچ شێوەیەك ئیسـلام پارچەپارچـە و بچربچـر ناکـەین ودینـە جوانەکـەمان بچـوك ناکەینەوە لەچوارچێوەیەکی تەسکی حزبیـدا چـونکە ئێمـە هـەمووما‌ن پێکـەوە حیزبـی خـواین و جیاوازنیـان لەیـەکتری هـەمووما‌ن پێکـەوە ناومـان موسـڵمانە لەسـەر ڕێبـازی سەلەف کە ڕێبازی پاکی پێغەمبەرو (ﷺ) وهـاوەڵاَن وتابعینـە نـەك تـۆفلاَن حیزبـی مـن

فلأنە حیزبم و ئەو فلأنە حیزبە، ئەوانەشی ئـەم دینـە پاکـەیان پارچەپارچـە کـرد ئێمـە هەواڵەی خۆیان دەکەین لەسەر ئەوکارەیان.

٤. بەهیچ شێوەیەك خیانەت لەخوشك وبرایانی موسڵمانمان ناکەین بە ئەوەی حەرامیان بۆ حەلأڵ بکەین وحەلأڵیان بۆ حەرام بکەین، چۆن بەشێوەیەکی جوان وڕاست ودروسـت لە دین تـێ گەیشتین هەربەو شێوە ڕاست و دروستەش بە خەڵکی دەگەیـەنین بـێ زیـادو بێ کەم، ئەمەش لەبەرخاتری پارێزگاری کردنە لە دین نەك هیچ مەبەستێکی تر.

٥. خوشك وبرایانی موسڵمانمان بۆ هیچ مەبەستێ جگە لەبەر خاتری خوا بـانگ ناکـەین وەچاوەڕێی هیچ شتێ لە هیچ کەسێ ناکەین نە ئیمزا بۆ کردن نە دەنـگ بـۆ دان نـە بـۆ خۆپیشاندان نە بۆ هەڵگێرسانی ئاشوب وفینە نە بۆ مەدح وپیا هەڵدان.

٦. هەڵسوکەوت وقسەوکار و گوتارمان بەرامبەر هەربابەتێك کە دژی بەرنامـەی ئیسـلام بێت هەمیشە چەسپیوە و هەرگیز گۆڕانکاری بەسەردا نایەت هەتاوەکو گونجـاوو موافـق دەبێت لەگەڵ قورئان وسونەتدا،ئەمڕۆ کەس کافرناکەین وسبەی بیکەینە بـرا لەکاتێکـدا هەرهەمان کەس بێت بێ ئەوەی هیچ گۆرانکارییەکی بەسەردا هاتبێت.

٧. هەمووکاتێ لەگەڵ پێشکەوتن وپێشکەوتنخوازیداین مادام ئەو پێشـکەوتنە بەهـەمان ئەوئاراستەیەدا دەڕوات کە ئیسلام پێ ی ڕازییەوگونجاوە لـە گەڵیـدا لەهەربوارێکـدابێت لە بوارەکانی ژیان.

٨. هەموو كات لەگەڵ نوێ بوونەوەی دینداین بەو واتایەی كە ئیسلام پاك بكەینەوە لە هەموو كاروگوتارێكی ناشەرعی وبیدعەوخورافات وشیرك وكوفرو نیفاق وە لەهەموو كارو گوتارێكی ناپەسەند كە دین نییەو كراوە بەدین.

٩. هەمووكات گرنگی دەدەین بە یەك ڕیزی موسڵمانان لە هەموو ڕوویەكەوە كە موسڵمانان پێویستییانە، گرنگی دەدەین بەزیندوكردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ كە فەرامۆش كراوە لەلایەن خەڵكیەوە وهەروەها مراندن و لەناوبردنی بیدعە و خورافیات وەكو ئەركێكی گرنگی سەرشانمان .

١٠. هەمووكات لەهەوڵی دروست كردنی ژینگەیەكی پاك وئارامداین بۆ موسڵمانان تا بەئازادی خواپەرستی خوای گەورە بكەن، وە بەردەوام دەرگای فیتنەو ئاژاوە دادەخەین بۆئەوەی هیچ موسڵمانێك توشی فیتنە و بەڵاو موسیبەت نەبێت.

بەڕاستی ئەمەیە پەیام وبانگەوازو ئامانجی ڕێبازی سەلەفیەت ئەی موسڵمانی خۆشەویست، لەكۆتایدا داوا لەخوای گەورە دەكەین كە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ دینەكەی خۆیدا ڕاست بكەین وبەردەوام بین لەسەر پەیڕەوكردنی تابەخزمەتی خوای پەروەردگار شاددەبین لەبەهەشتدا.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم اجمعين